# پەستم بەم رەشەبایە

**بەناز کوێستانی**
Banaz@maktoob.com

چەند دوورم لێت
چەند دووری لێم
لەدوو دوورگەی لێك دابڕاوی
کیشوەرێك دەچین
کەسروشت خواستبێتی
لەیەك دوور بین. .
لەدووریتا وەختا دڵم دەبێت بەئاو. .
لەدووریتا وەختا چاوم کپ دەبێتو
خۆی لەرووناکی دەدزێتەوە. .
ئەم بەیانییە
رەشەباکە توورەم دەکات
ئەم رەشەبایە. .
ئۆقرەی لەبەر هەڵگرتوومو
بەرەو شاخی شەرو دژبەیەکم دەبات. .
ئەم بەیانییە
رەشەباکە پەستم دەکات
ئەم رەشەبایە. .
خۆشی لەرووم نەهێشتووەو
بەرەو دۆندی تەنیایو دوودڵیم دەبات. .
پەستم. . پەست
بەم بەیانییە زووە ئەم رەشەبایە پەستم دەکات.
دار کاژەکانیش پەستنو لەگەڵ لورەی رەشەبادا
گەڵاکانیان هەڵدەوەرێنن. .
دار سێوکانیش پەستنو
سێوەکانیان بەرەو نشێوو هەڵدێرەکان
بەر دەدەنەوە
قۆخەکانیش لەژێر دارەکانیاندا سەما دەکەن
ئەمە چ زەمەنێکە
دایك لەکۆرپەی خۆی بێزارە
باوك لەدەست باوکایەتی خۆی هەڵدێت
منداڵەکانیش گوێ لەئامۆژگارییەکان ناگرنو

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت

بەرەو دۆندو کیشوەرە نامۆکانی ئەم گەردوونە

سەر هەڵدەگرن. .

ئەمە چ زەمەنێکە

عەشق لەمن یاغی بێتو

منیش لەعەشق یاغی

چ نەهامەتییەکە. .

نالی پشت لەحەبیبە بکاتو

شارەزووریش بەجێ بێڵێ. .

پیرەمێرد ژیانەوە بدرێنێو

چاپخانەکەی تورهەڵداتە نشێوێکەوەو

پیتەکانیشی لەئاگردانی جادووگەرێکدا بکاتە خۆڵەمێش. .

پەستم

بەرەشەبای ئەم بەیانییە پەستم. .

کەتاڵی زولفەکانم هەریەکەو بەلایەکدا دەبات. .

لەناو پاسیشدا بەئەنقەست زوڵفم دەخاتە

سەر شانی کوڕەکەی تەنیشتم

ئەویش بەنەرمە زەردەخەنەیەکەوە

بەتیلەی چاوە رەشەکانی

تەماشای زولفم دەکات

منیش پەشۆکاو دەست دەبەم

لاییەرمو دەڵێم : ببوورە

رەشەبایەکی بێزارە

رەشەبایەکی تووڕەیە

پێی بکرێت هەموو گەڵای دارەکان هەڵدەوەرێنێ

پێی بکرێت هەموو گوڵەکان دەژاکێنێ. .

هەموو دۆندەکان خاپوور دەکات

بەڵام پێی ناکرێت دڵی تۆ

لەنێو سینەی من دەربهێنێت. .

ئەم بەیانییە گەردو خۆڵی شارەزوور

خۆی لەم رەشەبا توورەیەوە پێچاووە

بۆنی چامەکەی نالی لێ دەهات

بۆنی زولفی حەبیبەی لێ دەهات. .

بۆنی خاكو یەکەم بارانی پایزم بۆ دێنێ. .

خەزانێکی دی بەرێوەیە

چامەیەکی نەنووسراو

لەدایك دەبێ

عاشقێکیش ژان دەیگرێو. .

www.kurdistannet.org
16-2-2003 1:48

دار سنەوبەرێکی تەڕ لەدایك دەبێ

پەستم. . پەست
بەم ڕەشەبایە پەستم
بەم ناوەختە پەستم
بەم بەیانییە پەستم. .
عاشقێکی ئەسمەر لەدوورا
دەروانێتە پەستی منو
عەجولی ڕەشەباکە. .
دەیەوێت لەجیاتی ڕەشەباکە
پەستم بکات
تووڕەم بکات
لوولم بدات
دەیەوێت لەجیاتی ڕەشەباکە
وەك مارێکی ئەسمەر
قووتم بدات
پەستم بکات
من عاشقێکی شێت
تۆ مەعشوقێکی توڕە
من لیمۆیەکی کاڵ
تۆش نارنجێکی تاڵ
ڕەشەباکە لەنێوان
منو عاشقە ئەسمەرەکەدایە
لەنێوان منو زەمەندایە
لەنێوانو منو کۆتاییمدایە
لەنێوان منو هەموو سێبەرەکاندایە. .
لەنێوان منو
لەنێوان. . .

سلێمانی 2002-11-19

**تێبینی کوردستان نێت**:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.
ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.......... 2003-1-15